# لەبارەی خوێندن بە لەهجان

## دیداری ڕۆژنامەی وەرچەرخان لەگەڵ نووسەر موحسین جوامیر. دا

**سازکردنی : ڕۆژنامەی وەرچەرخان**

**- ئێوە پێتان باشە هەر ناوچەیەک بە لەهجەی خۆی بخوێنێت.. یان هەموو کورد بە یەک زمانی ستاندارد ؟**

بەلەهجەخوێندن، واتە نەمانی کورد وەک نەتەوە؛ وەک زمان. هەموو دنیا بگەڕێیت، میللەتێک . کە خۆی بەیەک گەلی خاوەن یەک چارەنووس بزانێ و هاوکات قایل بێ بە زیاتر لە یەک لەهجە بخوێنێت، نادۆزیتەوە، تەنانەت لە وڵاتانی ئەفریقاش. هیچ چار نییە و دەبێ بە یەک زمانی یەکگرتوو . کە هەمانە . لە کوردستان بخوێندرێ، هەتا ئەگەر بێتوو نەوەیەک تۆزێک زەحمەتی بکێشێ و پشووی تۆزێک پێ سوار بێت. نابێ کوردان سەبارەت بە هێندێ بۆچوونی هەڵە و پەڵە، پشتشکێن و بە بەرەواژی تەفسیرکراو،شەق لە بەختی خۆیان بدەن و بڵێن وەڵڵا ئەوەتانێ تەماشای ( بەیاننامەی شووڕای ئەوروپا ) بکەن، دەڵێت هەر کەس دەبێ بە زمانی دایک بخوێنێت..! ئەوە چەواشەکارییە و نیاز وایە زمانەکەمان پێی لە گۆ بەرن. دەنا مەبەستی جاڕنامەکە، ئەوە نییە تۆ وەک کورد ببیت بە دوو زمان، بەڵکوو دەبێ دان بە زمانت دابنرێ، نەک بە لەهجان بخوێنیت.

ئێمە سەدساڵە بە زمانێکی یەکگرتووی ڕەسمیی ڕسکاو و فراژیبوو، دەخوێنین و دەنووسین. ( مافی مرۆڤ لە فێربوون بە زمانی خۆماڵی ) ئەوە نییە ئەو زمانەی هەمووانی خەنی کردووە، بەگژیدا بچین و بیکەین بە دووسێ لەتکە، بەڵکوو ئەگەر لێی بێبەش بووین؛ ئەوا دەبێ بیسەنین. ئەگەر چەمکی ئەو جۆرە گەلاڵەنامانە لنگەوقووچ بکرێتەوە؛ ئەوا وڵاتێکی وەکوو سوێد دەبووایە ئێستە لە لانی کەمەوە 7 زمانی هەبووایە.

**- دابەشکردنی لە هجەکان بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا، کورد بەرەو چ ئاقارێک دەبات.؟**

بەرەو ئاقاری کانتۆناتی جۆراوجۆر، هەرکەس لە ئاوازێ دەخوێنێ، لە ئەنجامدا دەبێت بە گەرەلاوژەی لەهجان و هێدی هێدی واقیعی سیاسی دەگۆڕێ، بێگومان مساوەمات دەست پێ دەکا، دوژمنیش دەستی تێوەردەدات. ڕەنگە عەیامێک هەر لایەک خۆی هەر بە کورد تێ بگا، وەلێ ئەمەشیان کاتییە و ئاخرەکەی هەر لایەنێ بە ناوێ دیکەوە ناو دەردەکات. ئەوسا ئەم زمانە دەبێتە سۆرانی، ئەوەی دیکە بادینی و ئەوەکەی ئەولا دەبێ بە کرمانجی، هەروەک چۆن لە ئەوروپا زمانی کوردی بووەتە 5 زمان، بە ئیزافەی زمانی فەیلی و زمانی زازاکی.

من زۆر جار بیرلەوە دەکەمەوە ئەگەر کورد لە تورکیا مافیان وەرگرت و پاشان بە غەیری ئەم زمانە یەکگرتووەی باشوور، خوێندیان، ئەوسا جیاوازیی ئێمە لەگەڵ یەکدیدا، وەک جیاوازیی ئێستەی ئێمەی لێ دێت لەگەڵ تورکاندا.. واتە دەبین بە دوو نەتەوەی جیاواز و کوردبوونەکەمان دەکەوێتە لێژی، کەسێک خاسمان پێ نایێژێ. من سەیرم بە هێندێ نووسەری خاوەن بۆچوونی عاتیفیی ناعلمیی نامەنتیقی دێت کە دەڵێن، دەبێ ئێمەی کورد مافی هەموو لەهجەکوردییەکان بدەین، بەیەک چاو تەماشایان بکەین و لێ بگەڕێین هەر کەسێک بە دیالێکتی خۆی بخوێنێ و کوردستان ببێت بە حەمامی زمانان!

گەلۆ.! ئەم مەسەلەیە؛ شیعر و گۆرانی و لاوک و حەیران و هۆرە نییە.. دەستم داوێنتان.! هەڕوون مێژووی لەهجەکان؛ کە چۆن بوون بە زمان و هاوکات دیرۆکی یەک نەتەوەی خودان لەهجەگەل . وەک نەتەوەی ئەسکەندەناڤی . کە چۆن بوون بە گەلان، بخوێننەوە ؟ ئەوجا وەرن فەتوا بدەن و کوردستان بکەن بە شامی شەریفی لەهجان.! من، ئەم هەستانەوەیە لەڕووی زمانی ڕێنمەوە بۆ خۆبەکەمزانینی خۆڕسکی کوردان و هەمیشە حەزکردن بە هەرەسهێنان لە ژیاندا و ململانێ و شەڕی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

نیوخۆ، دەنا چۆن ڕۆشنبیرێکی مەی دهۆکی دێ و دەڵێت : چما سۆرانی و تورکمان و ئاسووری و کلدان، مافیان هەبێ بە زمانی خۆیان بخوێنن، کەچی منی بادینی مافم نەبێت؟!.. ئەوجا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ چارەنووسی کورد و کوردستان . وەک میللەت و خاک . بە خوێندن بە زمانگەلی سۆرانی، بادینی، کرمانجی، زازاکی و فەیلی و هتد، چی لێ بەوەلەد دەبێت ؟ ئەرێ، لە کوردی بترازێ؛ هەموو زمانێکت بۆ پەیدا دەبێت.!

- ئایا میللەتی کورد پیویستی بەوە هەیە، هەر ناوچەیەک بە لەهجەی خۆی بخوێنێت ؟

. کورد مەغروورە؛ نازانێ بەری دەسکەوتان بخوات. هەروەک وتم، ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە، وا لە ماڵی هەر یەکێکماندا لەنگەری گرتووە. باوکی بەندە لە هەولێرێ لە سەرەتای سییەکانی سەدەی پێشوودا حیساب و قیاساتی بەم کوردییەی ئێستە . هەڵبەت بە جیاوازییەوە . خوێندووە. لە ساڵی 1959 وە کوردی . وەک زمان . بازێکی گەورەی داوە. دوای 1970 بوو بە زمانی سەرلەبەری قۆناغەکانی خوێندن لە زاخۆوە هەتا خانەقین، لە ویشەوە تا بەغدا و ڕاوە. هەنووکەش، عەرەبەکانی ئەوێ چۆنی چاکی و سوپاس . یان لە بیر ماوە. لە نێوان ساڵی 1959 و سەرەتای حەفتاکاندا، دوو کۆنفرانسی گەورەی مامۆستایان بەسترا و لە هەردووکاندا بە ئاماژەی خودی بارزانیی یەکەم، ئەم زمانەیەکگرتووەی هەنووکە کرا بە زمانی سەرلەبەر.. لە کۆنفرانسی یەکەمیندا بوو، کە ( گۆران )ی شاعیر لە شەقڵاوەی بەهەشتی کوردستاندا، چریکاندی و وەک ئەستێرە جریواندی :

ئەگەر دوێنێ مامۆستاکان
یەک سوڵتانیان پێ ئەگەیان
ئەمرۆ ئەبێ مامۆستای کورد
دانیشێ بە ڕاوێژی ورد
ڕێگای پێگەیاندن دانێ
بۆ ملیۆنان نەک سوڵتانێ
لە بێشکەی بن هەر سێبەرێ
سبەی ئەگەر بێتە دەرێ
خانزادێ، سەلاحەددینێ
کاکەمەمێ، خاتووزینێ
ئەوسا بەستەی بێخەمیمان
چی هی پێنووس، چی دەمیمان
بە تاقە یەک زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین
ئەوسا : ( خانی ) خانیی سەردەم
بە زمانێک ئەنووسێ مەم
کە پێی ئەدوون ( نالی ) و ( مەحوی )
وەک ( قوبادی ) و وەک ( مەولەوی )

- ئەو لەهجەخوازییە خزمەتی کێ دەکات.؟

خزمەتی کورد و کوردستان نەبێ؛ خزمەتی هەموو نەیار و دوژمنێکت دەکات.. هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم قوڕاوە، هی بەڵکوو بەرماوەی هەڵە و کاڵفامیی خۆمانە، کە هیوادارین سەرکردایەتیی کورد زۆر وریا و کارا بێ، تا کورد

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەرەو هەڵدێری لەهجان . کە سەرەخۆرە . نەڕوات، دەنا وەکوو فڕەنسییەکان دەڵێن : " پیاو دەکەوێتە نێو ئەو قۆرتەی کە خۆی بەسەردا شۆڕ کردووەتەوە ".

**- هێندێک دەڵێن با کورد گشتیان فێری لەهجەی یەکتر بن، ئەوسا هیچ گرفتێک نامێنێت.؟**

ئەوە، قسەی یەکێکە لە هیچ نەزانێت، یاخود ئیبداعاتی کوردی خلّەفاوە.. زمانی کوردی چوار کۆمەڵە لەهجەیە، بە هەر چوار کۆمەڵان زێتر لە بیست لەهجە لەخۆ دەگرن، ئەو لەهجانەش هەر یەکێکی بنلەهجەی خۆی هەیە.. لە هەولێریێ هەتا دەچیتە حاجی ئۆمەرانێ، کۆمەڵێک لەهجە هەن.. ئەو تۆڵکەوساوارەی لە هەولێریێ ( دەیخۆی ) لە شەقڵاوە ( ئەیخۆی ) تا دەگەیتە ڕەواندز و ئەولاتر.. پیرەکانی گوندی ماوەران و دەوروبەری شەقڵاوە ( ئەز ) یان لەسەر زاری خۆشە.. لە گوندی هاودیانی نێزیک ڕەواندزێ و دەوروبەریدا لە بری ئەوەی بڵێن ( بەخوا ) دەڵێن ( پەخوا )، ئەو مەسەلەیەی ( پەخوایە پەعەبدی نییە.! ) لە وێوە هاتووە.. شێوەی ڕەواندز و باڵەکایەتی، خاڵی جێژوان و دەستلەملانێی سۆرانی و بادینییە، دەڵێن ( خزمێنە مە ) واتە : خزمەکانی ئێمە. لەباتی ئەوەی بڵێن ( پێت دەڵێم ) دەڵێن : دەترێمێ.. ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بە کورد، بگرە بە هەموو دنیایێ..مامۆستایەک 32 ساڵە لە ئەمریکایە، دەڵێ ئەگەر زمانی یەکگرتووی ئینگلیزی نەبێت، مەحاڵە ئەمریکیی باکوور و باشوور بەخاسی لێک بگەن.

ئەوجا، جگە لەوەی مەحاڵە فێربوونی هەموو لەهجەکان، زۆریش ناواقیعییە، عومری نووح . یشی پێ دەوێ. دەبێ پیاو لەبەر فێربوونی زمانەکانی کوردی؛ فێری هیچ زمانێکی بیانی نەبێت. خۆشی لەوە دایە، هێندێک لە خزمەکانی مە لە هەولێرێ کە کوردن و بە تورکی قسە دەکەن؛ کوردییەکی زۆر تایبەتیان هەیە، ئەویش . بۆ خۆی . لەهجەیەکە. بۆ وێنە لە جێی وتنی : " جامەکە هەمووی کەتە سەرم " دەوترێ " حەپیوو جامەکە لەسەرم کەت . جامەکە کەت لەسەرم"، پێت سەیر نەبێ ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بوترێ " دوکانی پەردەم هەیە " بوترێ " پەردەی دوکانم هەیە "، یان لە جیاتی ( نەمان مایە ) بوترێ ( نمایتمان )، یان لە باتی ( ئەتووم لە قەبرستانێ دیت ) بوترێ ( ئەتۆم لە قەبرێ دیت )، یان ( ئەوە یەک و نیو سەعاتە ئینتیزارت دەکەم ) واتە ( سەعات و نیوێکە ) یاخود لەباتی ( بێم شەقەکت لە دەوی بدەم ؟ ) بوترێ ( بێم لێدەم شەقەک لە دەوت ؟ ) یان ( کەینێ لە حەپسێ بەربوویەوە ) مەبەست دەرچوونە. هەڵبەت لەنێو دیالێکتی ئەو خزمانەدا ( ر) و ( ل) ی قەڵەو نییە، وەک بە ( کوڕ ) دەوترێ ( کور) و بە ( ماڵ ) دەوترێ ( مال ) . وا بزانم موتەئەسیرن بە شێوەی کرمانجی. هەڵبەت کوردیی عەنکاوە، باسێکی دیکەیە.

دەبێ ئەوەش بزانرێ، ئەگەر هاتوو لەهجە پێی نووسرا و خوێندرا، ئەوا بووە زمان؛ هەتا ئەگەر تەنانەت ئەلفوبێ بێت. بۆ نموونە، ئەگەر من لە پاڵ کتێبی ئەلفوبێی زمانی یەکگرتووی لە مەکتەبان دەخوێندرێ، ئەلفوبێی کوردیی هەولێریم نووسی، بە بیانووی ئەوە منداڵەکانمان زمانی دایکیان لەبیر نەچێت، پاشان ئەو کتێبە کرا بە مەنهەج و خوێندرا، ئەوا من . بڤێ نەڤێ . زمانێکی دیکەم لە پاڵ زمانی یەکگرتوودا دروست کرد، ئەگەرچی شێوەی هەولێر لە زمانی یەکگرتووەوە نزیکە، جا چ جای ئەگەر شێوەکوردییەکە دوورتر بوو.. بەڵگەشم زمانانی وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکانە، سوێدی، نەڕویجی و دانیمارکی.. دووریی ئەم زمانانە لە یەکدی، کەم تا زۆر وەک دووریی شێوەی هەولێر و سلێمانی و کەرکوکە لە یەکدی، هەر یەکێکیان . زمانە ئەسکەندەناڤییەکە . بگریت، زمانێکی تەواو سەربەخۆیە. واتە فەڕقەکەیان وەک ( مارێ بابم ) ی هەولیر و ( ماڵ باوکم ) ی کەرکووک و ( ماڵی باوکم ) ی سلێمانی . یە.

لە سۆنگەی ئەمەوە، ئەگەر ئێمە خۆمان بە یەک میللەتی کورد بزانین، دەبێ خەمسارد نەبین و سوور بین لەسەر ئەوەی خوێندن بەو زمانە بێت کە تا ئیستە پێمان خوێندووە، ئەگەرچی بە ئەندازەی ئاسمان و ڕێسمان لە شێوەی ماڵەوەمان دوور بێت. ئەمە ئەوە ...ەمرێت. کێشەی زمان لەوە دایە، لەهجە هەر لە زیادبوون دایە، دڵی زانایان هەمیشە لە ترکزەی ئەوە دایە،

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دیالێکت زێدە دەبن و پێشبڕکێ لەگەڵ زماندا دەکەن، بۆیە دەبێ هەمیشە وەک کۆڕپەیەک چاودێریی ( زمانی پەتی ) بکرێت، هەروەک زمانناسان دەفەرموون.

- وا لە قسەکانتان دەفامرێتەوە ئەگەر یەک زمانی یەکگرتوومان نەبێت، بۆی هەیە کوردی تورکیا ـ بۆ نموونە ـ لە دوارۆژدا ببن بە نەتەوەیەکی جیاواز؟

ئەم دیاردەیە ـ وەک وتم ـ حەتمی ـ یە، وا خەریکە سەر هەڵبدا. من لەو بڕوایە دام، هەر لە ئێستەوە پێویستە جەنابی سەرۆکی کوردستان، خەم بۆ ئەم مەسەلەیە بخوات. وا بزانم، زمانی یەکگرتووشمان حازرە. جگە لە هۆکاری دیکە، دەبێ حسێب بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەم زمانە هاوکات زمانی سیاسی و پێوەندیی پایتەختی کوردستانە لەگەڵ دنیادا، چ ئێستە و چ دوارۆژ.

بە بڕوای من، چارەی مەسەلەی زمانی یەکگرتوو لە سەروبەندی ئێستەدا، بەتایبەتی، تەنیا بە دەست سەرۆک مەسعوود بارزانییە، نە بەدەست هیچ کەس و لایەنێکی دیکە، چونکە پیاوێکی مێژووخوێنە و هەیبەتی جینکە . دەکرێ، چۆن مەسەلەی ئاڵا و ئەی رقیب ـ ی حەسم کرد، بە یەک بڕیاری سیاسی و سەرکردانە ئەم مەسەلەیە تا ڕۆژی قیامەتێ حەسم بکات؛ ئارخەیانم زۆربەی کوردیشی لەگەڵدا دەبێت. دەنا، بە حەسرەتەوە دەڵێم سەرەتای بوونی کورد بە گەلان؛ وا لە دهۆکەوە دەست پێ دەکات.. ئەوسا با کەس نەک باسی دەوڵەتی کوردی؛ بگرە باسی هەرێم و حوکمی زاتیش نەکات.!

- پەروەردەی دهۆک پێیان وایە ئاستی فێرخوازان سەبارەت بە زاری سۆرانی؛ فرە نزم بووەتەوە و ئەمساڵ لە سۆنگەی ئەمەوە ساقیتیان زۆرە؟

"مەهانەی .؟. نانی جۆیە !" بە قەولی بادینی و سۆرانییان.. لە سوێدا، منداڵێکی بیانیی تازەهاتوو؛ یەکسەر دەچێتە قوتابخانەی سوێدییان و لە ماوەی یەک ساڵدا بەیارمەتیی مامۆستای تایبەت، سوێدی دەخوێنێ و دەنووسێ و یارا ( إستعداد ) ی فامکردن پەیدا دەکات و هەر زووش بۆ دایە و بابەی دەبێتە تەرجومان، لە وردە ئیش و کاران.. گەورە، ئەگەر جیددی بێ لە خوێندندا و سست نەبێت لە فێربووندا؛ هەر سێ ساڵێکی دەوێ بۆ ئەوەی لەو بەشەی دیەوێ تێیدا پسپۆڕ بێ، وەربگیرێت.. کە ئەوە حاڵی منداڵ و مەزنی بیانی بێت لە بنی دنیایێ، ئەو قسە و بانگەشەیەی جەنابی مودیرەفەندیی پەروەردەی دهۆک چەندی بە چەندی.! ئەسڵەن، ئەو قسەیە عەیبێکی نەتەوەییە، حەیاچوونە، واتە دارمانێک لە بونیەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە. من دڵنیام، سەیدا ئەنوەر محەممەد مودیری تەربییەی دهۆک بە عەرەبی خوێندوویەتی، دەشزانم ئێستە لە زمانی عەرەبیدا وەک بلبلە، بەڵام کوردیی پێ عزرائیلە.!

بەندە، لە پۆلی یەکەمەوە بە عەرەبی خوێندوومە و زمانی فێربوونم بە عەرەبی ڕژاوە، لە سەردەمیکدا ڕۆژێ یەک دوو سەعات بەرنامەی عەرەبی لە ڕادیۆدا هەبوو، تا درەنگ سەربەعەگاڵێکم نەدیت . یەکەم جار بوو چوومە بەغدا، لە کن قادرمەیەک لە بری ئەوەی بە برادەرەکەم بڵێم ( إصعد ) گوتم ( إرتفع ). ئێستە گەلێک عەرەب دەڵێن بەندە لە هێندێ عەرەبان باشتر دەنووسم. مەبەستم ئەوەیە، مرۆڤ کە زمانی دراوسێی فێر بێ، چۆن ناتوانێ زمانی یەکگرتووی خۆی فێر بێ، هەتا ئەگەر لە زمانی ماڵەوەش دوور بێت.

هەزار مخابن بۆ پەیڤەکانی هێژا بەرێوەبەری پەروەردە و دەزگەی فێرکردنی دهۆک ـ ئەو شارەی کە تا ناخی کوردستانییە و تا مۆخی قارەمانە ـ کە تۆمەتی گەندەڵی و بێبەرنامەیی خۆیان بخەنە ئەستۆی زمانی یەکگرتوویان و بۆ خاتری خۆیان و مانەوەیان؛ بخەنە مەترسییەوە.. هەمزە لە عەباسی چی.! ئەز ترسێ دەکەم سەرکردایەتیی سیاسی بڕوایان پێ بکات.!

created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەو  قسەیەی مامۆستا ئەنوەر محەمەد،  بە قسەی ڕەحمەتی وەزیری پێشتری عیراق هاشم عەقراوی . م دێتە بەر چاو و گوێ کە لە ڕۆژنامەی ( العراق ) دا بڵاوی دەکردەوە و دەیگوت بادینییەکان لە سۆرانی ناگەن، بۆیە شتێکی باش بوو دیڕاسە بووە عەرەبی.! ئێستەشی لەگەڵدا بێت نەمزانی بۆ ئەو وەختە عەرەبی ئاسانتر بوو و ئەمڕۆش بۆ زمانی یەکگرتوو . کە بە غەدر پێی دەگوترێ سۆرانی . بووەتە مۆتەکە و زەحمەتە بۆ نازدارانی دهۆک.!

ئەو بیانووەی پەروەردەی دهۆک خۆی پێ ئیقناع دەکا و خۆڵی پێ دەکاتە چاوی خەڵک، وەک ئەوەیە بەغدایی بڵێ من دەمەوێ بە لەهجەی بەغدا بخوێنم، چونکە ئەو زمانە عەرەبییەی کتێب و خوێندن، هی مەککە و مەدینەیە و دوورە لە زمانی ماڵەوە و ژینگەم.!

هەڵبەت زۆربەی زمانانی دنیا، لە لەهجەی ماڵەوە دوورن. خۆشبەختانە، دەتوانم بڵێم شێوەی بادینیی زارۆکیکی قشتیلانەی دهۆکی؛ زۆر نزیکترە لە زمانی خوێندن . کە بەناهەق پێی دەڵێن سۆرانی . لە شێوەزاری منداڵێکی جەزائیری یا توونسی لە زمانی فەسیحی عەرەبی. بەڵام ئەوان وەک کورد نین، ئەو دارەی لەسەری دەوەستن؛ نایبڕنەوە، لەبن سێبەری دادەنیشن و بەرەکەی دەچنن و دەبەنەوە.! یەکەم کاری وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، پاش بوونی تورکمانستان و ئازەربایجان بە دەوڵەتی سەربەخۆ، ناردنی کتێبەکانی بەرنامەی خوێندن بوو بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی بەشێوەی ئەستەنبۆڵیی دایک بیانتورکێنێت و یەکێتیی زمانی تورکی بێتە دی.

بە هەموو قەناعەتەوە دەڵێم، ئەوەی پەروەردەی دهۆک دەیکات، بە هیچ جۆرێک لە بەرژەوەندیی کوردستان نییە، ڕێک پێچەوانەیە.. بگرە لەغوکردنەوەی زمانی ڕەسمیی خوێندن لە دهۆک؛ جاڕدانی تەڵاقە، بڕیاردانی جودابوونەوەیە و دروستکردنی قەومییەتێکی نوێیە لە کوردستاندا، کە . بقێ نەڤێ . داوا و داخوازیی دیکەشی بە دواوەیە.. ئەز دەترسم ئاخرەکەی بڵێین هەر عەرەبییەکە لێمان دێت؛ چونکە کوردی صەعبە.!

- ڕات چییە بەرانبەر ئەو هەڵمەتەی لە دهۆک دەکرێت بۆ کۆکرنەوەی ئیمزا، تا خوێندن بکرێ بە زاری بادینی.؟

ئیمزاکۆکردنەوە لە دژی کام زماندا، عەرەبی، فارسی یان تورکی.؟ هەڵبەت لە دژی زمانی کوردی . یە کە زمانی ڕەسمیی سەرانسەری باشووری کوردستانە، زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەم زمانە دەدوێن و دەنووسن. ئەم هەوڵە، بە داخەوە کودەتایە و وەک هەنگاوی یەکەم کورد و کوردی دەکات بە دوو کەرت : کۆڕی زانیاریی کورد، زمانی فەرمانگە و ئیدارەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕێکلام و تابلۆی سەردوکانەکان..هتد. واتە بادینان . لەڕووی عەمەلییەوە . دەبێ بە هەرێمێکی جیا لە نێو کوردستاندا. جگە لەوەی وردەوردە، ئەو هەستی نەتەوەییەش کز دەبێتەوە، وەک هەر گەلێکی دیکەی  ناوچەکەی لێ بەسەر دێت. من سوور دەزانم ئەم ئیمزاکۆکردنەوەیە هی خەڵکی دهۆک نییە، بەڵکوو لەبن تەئسیری کۆمەڵێکە و چیتر. جگە لەوە، ئەم کارە . لەگەڵ ڕێزمدا . کاری ئیمزای بەقاڵێک، ئاسنگەرێک، فەرمانبەرێک یان دکتۆرێک نییە.. ئەم مەسەلەیە، بە ئاسایشی نەتەوەییەوە بەندە، بە دوارۆژی کوردستانەوە وەک یەک میللەت، یەک خاک و یەک خواست.. ئاخر ئەگەر زمان لە بەینماندا نەما، چ شتێکی دیکە بە یەکدیمان دەبەستێتەوە؟ من هیوادارم . ئەمرۆ نەک سبەی .  سەرکردایەتیی سیاسی چارەیەکی یەکجارەکی بۆ ئەم هەوڵە دژبەکوردستانە، بدۆزێتەوە، دەنا بادینان ڕۆیشت.!

لە ساڵی  1977 دا لە قوتابخانەی کانی قڕژاڵەی هەولیرێ مامۆستا بووم، مامۆستا و نووسەری ڕەحمەتی محەمەد کەریم شەریف؛ بەڕێوەبەر بوو.. ئەوساڵ بوو، حکوومەت خەڵکێکی زۆری دەوروبەری ئاکرێی بۆ ئەو شارۆچکەیە تەڕحیل کرد. هەڵبەت خوێندن بە کوردی بوو. پاشان، حکوومەت بەڕێوەبەرێکی نوێی خەڵکی حللە بەناوی علێوی، لەوێ دامەزراند. یەکەم کاری ئەوە بوو، چوو کتێبەکوردییەکانی گەڕاندەوە و کتێبی عەرەبیی هێنا. خێرە ؟! وتی : ئەم خەڵکە بەهدینین.. ما أشبه الليلة بالبارحة ، دوای

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بیست ساڵ، هەمان تاس و حەمام دووبارە دەبێتەوە، وەلێ بە شێوەی دی و بە دەستی بەڕێوەبەر و نووسەرانی کورد و سەردەمی ئازادیی کوردستان.!

## - ڕات چییە بە گۆڕینی ئەلفوبێی ئێستەی کوردی بە لاتینی.؟

ئەم پرسیارەم بەم دواییە لێ کرا، حەز دەکەم بە نەختێ ئیزافەوە هەمان وەرامتان بدەمەوە.. ئێمە هەر چەندە ـ وەک کورد ـ ڕەخنەمان لە عوسمانییەکان هەیە و سەرکۆنەیان دەکەین، وەلێ نابێ چاو لە ڕاستییەکان بپۆشین و لە وتنی ئەوەدا سڵ بکەین کە گۆڕینی ئەلفوبێی عوسمانی بۆ لاتینی، سەدان ساڵ تورکی وە دوا خست و کاردانەوەیەکی زۆر خراپیشی بۆ سەر دنیای ناوچەکە هەبوو، جگە لەو پاشاگەردانییەی لە زمانی تورکیی پەیدا کرد و ئەوەی هەیبوو؛ بوو بە نەبوو.

ئەوجا، بە کەمالیزەکردنی ئەلفوبێی کوردی، هەمان شەق دەخۆین، بگرە زیاتریش، بە تایبەتی لە ڕووی شێواندنی فۆنێم و دەنگەکانی زمانی کوردییەوە کە هێندێکیان بزر دەبن و نایانبیستینەوە.. هەر بۆ نموونە تیپی (ح) ێ کە نزیکەی 600 وشەمان پێی دەست پێ دەکەن، خۆت خۆش.. ( حەپەسان ) دەبێتە ( هەپەسان )، ( حەز ) دەبێتە ( هەز )، ( حەسیر ) دەبێتە (هەسیر )، ( حیلەباز ) دەبێتە ( هیلەباز )، ( حیلکەحیلک ) دەبێتە ( هیلکەهیلک )، ( حەج ) دەبێتە ( هەج ) و تۆش ئەگەر چوویتە هەجێ؛ دەبێتە ( هاجی ).. گوڵە ( حاجیلە ) دەبێتە ( هاجیلە )، ( حەبیبە ) ی گەردن کێل و بەژن زراڤەکەت کە ڕەنگبێ جزیری و مەولەویش بە وەسفی ڕانەگەن؛ دەبێتە ( هەبیبە ).. ( حەیران ) دەبێتە ( هەیران )،( حەیوان ) دەبێتە ( هەیوان ) و کاکە ( حەمە ) دەبێتە ( هەمە ) و چ فەرقێکی نابێت لەگەڵ پلکە ( هەمە ) ی کەرکووکی کە دایکی شیریم بوو لە سەدەی پێش ئەم سەردەمە..جا ئاوان بێنە و دەستان بشۆ، هەم لەوەی تۆ هەتە و هەمیش لەوەی کە من هەمە.

هەمان شت لەگەڵ دەنگگەلی پیتانی ( ئ، ع ، غ ، ڵ ، ڕ ، وێ ) دا. نەبوونی تیپێکی وەک ( ع ) یش لە ئەسڵی کوردیدا، ڕێگەی ئەوە ناگرێت لە قامووسدا بنرێت و لەوێدا ئۆقرە بگرێت، مادەم مافی هەمیشەی پەنابەریی پێ درا.. ئەم دیاردەیەی وەرگرتن و بەموڵککردن و بەناوکردنی وشە یان تیپ، لە سەرجەم زمانانی دنیادا باوە، هەندێک فەرهەنگێکی تایبەتیشیان بۆ داناوە، وەک تورک. کورد، زیتر لە 200 وشەی عەینداری هەیە و جامانەی لەسەر داناون، وەک ( عەلاف، عەمر و عەشرەت ) و لە هەموو شوێنێکدا باوو بڵاون.

ئەوجا لەوێ سەردەمێدا مەڕی کوردیش، دەبێ تەتریک بکرێن، واتە لەبری ئەوەی بڵێین : باع، بە قودرەتی قادر ئۆڵر ( دەبێتە : باء، یەعنی (عەین ) مکە دەبێتە ( ء )، عەوعەویش دەبێتە : ئەوئەو.. باش بوو بە بیرم هاتەوە، دەبێ خۆشمان فێر بکەین بە ( قانیع ) ی شاعیر بڵێین ( قانی ) واتە : زۆر تۆخ، ( دم قانی ) واتە : خوێنێکی زۆر تۆخ.. بۆ ئەمەش، دەبێ خەبەر بدەینە مەریوانی کوڕەزای، داخولا بەم گۆڕانکارییە ڕازییە یاخود یۆخ..

هەڵبەت دەبێ پرسەی یەکجارەکیش بۆ ( غەدر )، ( غاردان )، ( مەغدوور )، ( غەرغەرە ـ ئاو دە قورگ وەردان ) ، ( غەیرەدین ) و ( غەددار ) و دەستەخوشکەکانی، دابنێین، چونکە بە پێی یاسای ئەتاتورک دەبن بە : ( خەدر )، ( خاردان )، ( مەخدوور )، ( خەرخەرە )، ( خەیرەدین ) و ( خەددار ).

خەڵک زۆر جار شتی باشیش لە دوژمنەکەیان وەرناگرن؛ ئێمە خراپەکەش ـ بەتەقدیسکردنەوە ـ دەفەلسەفێنین و پیادەی دەکەین.! لە کاتێکدا بە هەموو متمانەوە دەڵێم، ڕێنووسی کوردی ـ بەم ئەلفوبێیەی هەنووکەی و بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە ـ ئاسانترین و لەبارترین و گونجاوترین ڕێنووسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ بگرە لە سەرلەبەری دنیای ئیسلامدا.. ئەگەر هیچمان نەبێ پێی بخورین، ئەوا ڕینووسمان بەسە.

## ڕەوشە بەرەو کوێ دەچێت.؟

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

زمانی ستاندارد دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زۆر بە گرێوگۆڵە و بە ( کن فیکون ) دروست نەبووە و نابێت، مێژوو . لە دوای تەفاعولاتێکی زۆرەوە . دروستی دەکا و کاتێکی زۆریشی پێ دەچێت، هەر دەڵێی پێدزە دەکا و قەدەر خۆی ئاراستەی دەکات.. کۆڕی زانیاری ناتوانێ دروستی بکا، بەڵام دەکرێ لەوێ پۆشتەوپەرداخ بکرێت. خۆشبەختانە، زمانی ستانداردی ئێمە . ئەگەر لە خۆمانی تێک نەدەین، وەک فیرین . ئەوا لە ڕەحمی مێژوو و جوگرافیادا بە سەلامەتی دەرچووە، چ لە کێش و چ لە تەندروستیدا عەیبی نییە.. بەڵام وەک هەر بوونەوەرێک، دەبێ بەردەوام بە ڤیتامینی شێوەزارە کرمانجییەکانی دیکە، گەش و خرپن و خەپەتۆڵەی بکەین.

ئەگەر هەر شتێک شەریک و هەوێ قبوول بکا، زمانی ستاندارد قبووڵی نییە. بۆ نموونە، ناکرێ لە پاڵ زمانی ستانداردی عەرەبیدا، خوێندنەوەی ئەلفوبێی عەرەبیی بەغدایێ بخوێنرێت، بێ ئەوەی دوای چەند ساڵی دیکە، ئەو لەهجە بەغداییە ببێتە : زمانی بەغدایی.

ئەگەر بمانەوێ کوردی لەم قەبارەیەیدا بمێنێتەوە و درزی تێ نەکەوێت، دەبێ . وەک هەر وڵاتێکی دنیا . تاکرەوایەتیی زمان فەرز بکرێ و ببڕ ببڕ مساوەمەی لەسەر نەکرێت.. لە ساڵی 1972 دا لە ئەلبانیا ئەم کێشەیە لە نێوان دیالێکتی ( تۆسکی ) و ( گێگی ) دا سەری هەڵدا، ئەنوەر خۆجەی سەرۆک دەوڵەت تەداخولی کرد، بڕیاری دا شێوەی تۆسکی . کە لەهجەی کەمینە بوو، بەڵام زێتر پێی نووسرابوو. ببێتە زمانی خوێندن، ئەوەی دیکەش ئازاد بێت لە بواری دیکە و دن.

بەخوێندنەوەی واقیع و مەنتیق و هەلومەرجی مێژوویی بۆ هەبوون و خۆڕاگرتنی زمانی ستاندارد، ئەوا ئەم کوردییە لەمێژڕەسمییەی باشووری کوردستان؛ ئیمکانی نییە مەیدانی پێ چۆڵ بکرێ، چونکە ڕەگاژۆ بووە و ملەی لەگەڵدا ناکرێت. بۆیە لام وابێ هەر هەوڵێک بۆ لەباربردنی ئەم زمانە، گێرەشێوێنییە و تەنیا زمانمان بەرانبەر میللەتان کورت دەکا و دەمانکات بە پەندی زەمانە، کە ئەمەش لە زەرەرمانە. بۆیە لە پەیامێکدا بۆ سەرۆکی کوردستان، وتوومە : **ئەگەر دکتاتۆرییەت لە هەموو بوارێکدا حەرام بێت، بۆ زمان حەڵاڵە، بگرە خێرە؛ خێرێکیش دە ئەوەندەیە، بگرە زۆر زیاتریش.**

**- دوا قسەت .؟**

لە سوێدا، کە ئەژین . ی پاشەبەرەم یەکەم ڕۆژ لە دەرسی کوردی هاتەوە، وتی : بابە ئەو مامۆستایە، سلێمانییە، کوو قسان دەکاتن، ئەمن تێی ناگەم چ دەرێ.! کە مامۆستای قوتابییەکی مەغریبی بووم، چووبووەوە، وتبووی : ئەمن لە عەرەبیی ئەو مامۆستایە ناگەم. ئەوەندەی پێ نەچوو، هەم ئەژینی کچم فێری زمانی مامۆستای بوو، هەمیش قوتابییە عەرەبەکە لە من گەیشت. من گەشبینم و پێم وابێ پەیامم گەیشت.!

2007/07/22

mohsinjwamir@hotmail.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image